
# ئۆلیڤەر کان: خۆشحاڵم لە مۆنـــ

ئۆلیڤـەر کان ناسـراوە لە جیهـان و ئەفسـانەیەکی زیندووی تۆپـی پێیە و خۆشەویستیەکی رادەبەدەری لەسەر پانتایی زەوی هەیە ئەم یاریزانە لە ژیانیدا گشت نازناوەکانی بردۆتەوە و زەحمەتە هیچ یاریزانێك بتوانێ ئەم دەسـتکەوتە بە دەست بهێنی، دووەمـی مۆندیال و پاڵەوانی ئەوروپا و ئەڵمانیا و نازنـاوی خولی یانەکانی ئەوروپا و جامی ئەڵمانیا و پاڵەوانی جامی کیشـوەرەکانی بۆ یانەکانی بە دەستهێناوە، لە لایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی کەسایەتی خۆی زۆر نازناوی وەرگرتووە لەوانە باشترین گۆڵچی لە مۆندیالی ٢٠٠٢ و باشترین گۆڵچی لە ئەڵمانیا لە ساڵانی ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ و باشـترین گۆڵچی لەسەر ئاستی ئەوروپا ساڵانی ١٩٩٩ — ٢٠٠٠- ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ بە دەستهێنا ئەم خەڵاتانەش دەسەلمێنێن ئۆلیڤەر کان یەکێکە لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی جیهانی لەسەر گۆی زەوی لە ئەیاری ٢٠٠٨ و دوای ٢١ سـاڵ لـ خزمەتکـردن ئۆلیڤـەر کان بڕیـاری وازهێنانـی یەکجارەکـی دا و لە هەڵبـژاردەی ئەڵمانیـا ٨٦ یاری ئەنجامداوە لە ٤٩ یـاری کاپتنی ئەم تیپە بـوو ئۆلیڤـەر کان وەکو بێژەری یارییەکان بە شـدا ری مۆندیالـی داهاتوو دەکات، ماڵپەڕی فیفا ئـەم دیمانـەی لەگەڵـدا سازکرد.



# ـــدیالی داهاتوو لە دەرەوەی یاریگام

*** یانــز لیمان دەڵێ دوای تــەواو بوونی مۆندیـــال بە یەکجاری واز لـــە یاریکردن دەهێنم، چی دەڵێی بۆ ئەم بڕیارە؟**

- لەو بڕیارە دەگەم، شتێکی باشە، چونکە گەر یاریزان بەشداری بەرزترین پاڵەوانێتی کرد، دەبێ بیر لە دوارۆژی خۆی بکاتەوە، باشـــترین کات بۆ وازهێنان ئەو کاتەیە، کە خەڵك بڵێن ئاستی بەرزە.

*** گەر هاتوو یاری خواحافیزی بۆ لیمان ئەنجامدرا بەشداری دەکەی؟**

- بەڵێ،بەڵام بە داخەوە بە بەردەوامی ئێمە وەکو دوژمن سەیر دەکرێین، تەنیا رکابەری وەرزشی لە نێوانمان هەبوو.

- راهێنـــەر یواکیم لـــۆف خاوەنی چەندین هێرشـــبەرە، لەوانە کلۆزە و بۆدۆلسکی و گۆمێـــز و کیســـلینگ و لەگەڵ هاتنی گۆڕانی گـــەر هاتوو ویســـتمان یاریزان هەڵبژێرین دەبێ هەموو مانگێك گۆڕانکاری بکەین، لۆف دەبـــێ بیرکردنەوەیەکی قوڵ بکات گـــەر داوای گۆڕانی بکات دەبێ هێرشبەرێك لەو کات و ســـاتەدا یاریزانێك بهێنـــێ، کە ماوەیەکـــی زۆر لە تیپەکەی دوورە.

*** لە توانات هەیە بەشداری بکەیت، هەست**

- لە راســـتییدا خۆشـــحاڵم کە لە دەرەوەی یاریگام، زۆرم بینی و زۆریش تیایدا ژیاوم و لە ٥ - ٦ پاڵەوانێتی گەورە بەشدارییم کردووە، ســـەبارەت بە من ئەمە شـــتێکی

*** بە رای تۆ کام هەڵبژاردە یەکەم دەبێت؟**

پاڵێوراون بە بەردەوامی گۆڕانکاریان بەسەر دا نایەت، ئیســـپانیا و بەرازیل و ئیتاڵیا و فەرەنســـا و بگرە ئەڵمانیاش، نابێ سەیری هەڵبـــژاردەکان بکەین لە کاتـــی پالاوتن، چونکە یاریکردن لە پالاوتن جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ کۆتاییەکان.

*** ئێستا کێ باشترین گۆڵچیە لە جیهان؟**

- بە رای مـــن ئیتاڵی جیانلویجی بۆفۆن باشترین گۆڵچیە لە جیهان و خاوەن ئەزموونە و لـــە یانەیەکی گەورە و بەناوبانگ یاری دەکات و گۆڵچیەکـــی بەهرەمەند و خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزیشە.

*** هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیـــا بە بوونی و مارین و یاد شتویر دوارۆژێکی باشی هەیە، تۆ لەگەڵ ئەم قســـەیەت، گـــەر هاتـــوو ئـــەم هەڵبژاردەیە**

- ئەمـــە تەنیـــا بـــۆ هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیـــا نییە، دەبێ یاریزانەکان هەمـــوو توانایان بخەنە گـــەڕ، لەم کات و ســـاتەدا دەبێ یاریزان لە زۆر شوێن بتوانێ یـــاری بکات، ئەڵمانیا لە توانای هەیە ئەم مۆندیالە بباتەوە بەبوونی زۆر لە یاریزانان و ئاست بەرزیان.

*** بـــە درێژایی ژیانی وەرزشـــیت زۆر نازناوت لەسەر ئاستی یانەکەت و چەندین نازناوت لەسەر ئاستی کەسایەتی خۆت وەرگرتـــووە، لەوانە خولـــی پاڵەوانانی ئەورووپا و جامی کیشـــوەرەکان و تۆپی زێڕین، دەکـــرێ بزانین کامیان لای تۆ**


- شـــانازییەکی یەکجـــار گەورە بوو بۆ من کە بەباشـــترین گۆڵچی دەســـت نیشانکرام و لە لایەکی دیکەوە لە مۆندیالی ٢٠٠٢ بە باشترین یاریزانی فیفا هەڵبژێردرام، ئەمەش گەورەیی بوو بۆ من، چونکە تا ئێســـتا هیـــچ گۆڵچیـــەك ئـــەم نازنـــاوەی وەرنە گرتووە.



# گوڵستان مەحمود یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق

## بۆ ئۆڵۆمپیاتی 2012 پاڵێوراوە

گوڵستان یەکێك لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراقە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری هەولێرە،پێشتریش بۆ یانەکانی ئارارات و ئاڵا و هەولێر یاری کردووە وچەندین ملوانکەی لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی ئاسیا و عەرەبی بەدەست هێناوە، لە قاهیرەی پایتەختی میسر لەسەر ئاستی عەرەب بۆ لاوان توانی دوو ملوانکەی زێڕ و زیو بەدەست بهێنێ،لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی سازدا.



***هۆکاری جێهێشتنیت لە یانەی هەولێر بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

-لەبەر گۆڕینی راهێنەر بوو، یانەی هەولێر رێگەی نەدا راهێنەری خۆم بگۆڕم، بۆیە ناچار بووم یانەی هەولێر جێبهێڵم.

*** نەترسای یانەی هەولێر سزات بدات؟**

-نەخێر، چونکە هیچ بۆندێك لە نێوان من و یانەی هەولێر نەبووە تاکو سزا بدرێم، ئێستاش رازیم بگەڕێمەوە یانەی هەولێر، بەڵام هەولێر خۆی بێدەنگ کردووە.

***کێشەی نێوان تۆ ودکتۆر حوسێن لەسەر چییە؟**

-کێشەی من و ئەو تەنیا ئەوەیە کەوا ناوبراو ٢٠ یاریزانی هەبوو لە یانەکە، بۆیە منیش داوام کرد ڕاهێنەرێکی تایبەتی خۆم هەبێت، چونکە گەیشتمە ئاستی ئاسیا حەزم دەکرد ڕاهێنەرێکی تایبەتی خۆم هەبێت.

***زانیاریمان هەیە کەوا لە دوایین پاڵەوانێتی ژمارەی خۆت تۆمارنەکردبوو؟**

-ڕاستە ژمارەکەم تۆمارنەکردبوو، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکارێك کەوا ئاستم دابەزیوە، کاتێك لای دکتۆر حوسێن بووم ئاستم زۆر دابەزی بوو، پارساڵیش لە پاڵەوانێتی عەرەبی ملوانکەی زێرم هێنا بوو، ئەویش مامۆستا کارۆخ ململانێی دەکرد، دەستێکی باڵای هەبوو لە بەرزبوونەوەی ئاستم، بەڵام لە ماوەی ٢مانگ توانیم ژمارەی خۆم بگەیەنمە ٥٤ چرکە، کە کاتی خۆی من ٥٣چرکەم دەهێنا، لەو بڕوایەشم لە مانگەکانی داهاتوو بۆپاڵەوانێتیەکان بیگەیەنمە ٥٢ چرکە.

***ئەم ژمارەیە نابێتە مانای دابەزینی ئاستت؟**

-نەخێر، دانەبەزیوە، بەڵام ئاسودە نەبووم لەگەڵ ڕاهێنەری پێشووم.

***ڕاستە دەڵێن مەرجت داناوە بۆ یانەی هەولێر بۆ هێنانی ڕاهێنەر؟**

-نەخێر، هیچ مەرجێکم نەبووە تەنیا ڕاهێنەرەکەم بگەڕێننەوە یانەکە ڕازیم مووچەشم پێ نەدەن .

*** لە دوایین زانیاری دەرکەوتووە کەوا شاندی هەڵبژاردەی عێراق دەرمانی وزە بەخشیان بەکارهێناوە بەتایبەتی تۆ، ئایا ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

-هەرگیز ئێمە دەرمانی وزە بەخشمان بەکار نەهێناوە، دوای ئەوەش ئەم پاڵەوانێتیە ئەوها نەبوو کەوا دەرمانی تێدا بەکار بهێنرێت، چونکە پاڵەوانێتیەکە لە ئاستی لاوان بوو، لە پاڵەوانێتی ئاسیا پشکنینی دەرمانی وزە بەخش ئەنجام دەدرێت، ئینجا هیچمان لەسەر ئاشکرا نەبوو ئەم قسانە دوورە لە ڕاستی. کە باسی دەرمانخواردنی من دەکرێت تەنیا کوردەکان ئەم قسانە دەکەن، عەرەبەکان ئەم قسانە ناکەن، ئەو جۆرە قسانەش هیچ لە کەسایەتیم کەم ناکاتەوە، چونکە پێوەندیکی باشم لەگەڵ یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقی هەیە، منیش پاڵێوراوم بۆ ئۆلۆمپیاتی لەندەن.

*** دەڵێن گوڵستان لەخۆبایی بووە؟**

-نەخێر، وانیە گەورە و بچووك بە هەموو جۆرێك قسەیان لەگەڵ دەکەم، زۆر کەس هەیە ڕقی لەمنە بۆیە ئەم قسانە دەکات هەرچەند گەورە بم خۆم لە هەموو کەس پێ بچووکترە.

*** لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکان گلەیی ئەوە دەکەی کەوا کەس هاوکاریت ناکات، کەچی بەرزترین مووچەت هەیە لە یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق؟**

-نەخێر، لە هەڵبژاردەی عێراق بەرزترین مووچەم نییە سێ یاریزانین وەکو یەك مووچە وەردەگرین، ئەویش دوومانگ جارێکە، لە یانەی هەولێر تەنیا ٣٠٠ هەزار مووچەمە، کرێی هاتووچۆی نێوان هەولێر و بەستۆرەیە، ئەویش تەنیا بەشی بەنزینی دەکرد.

*** قسە و باسێکی زۆر هەیە کەوا ڕکابەرییەکی زۆر لە نێوان تۆ و بەهار خەسرۆ هەیە؟**

- نە خێر ، بەهار بە ڕکابەری خۆم نازانم، چونکە ئەو یاریزانێکی (سباعی) و من یاریزانی ٤٠٠م .

*** ئەگەر نەگەڕایەوە یانەی هەولێر دەچیتە چ یانەیەك؟**

-حەز ناکەم بچمە هیچ یانەیەکی شارێکی تر، بۆیە ڕەنگە بچمە یانەی ئارارات، چونکە بۆمن نزیکە.

***لە داهاتوودا بەنیازی چیت؟**

-پاڵەوانێتی جیهانی هەیە لە وڵاتی کەنەدا بەڕێوە دەچێت، بەنیازم ملوانکەیەکی جیهانی بە دەست بهێنم، ئینجا واز لە وەرزشکردن دەهێنم، چونکە ساڵ بە ساڵ خوێندن قورستر دەبێت.

***دەنگۆیەکی زۆر هەیە دەڵێن تەمەنت گەورەیە خۆت بچووك کردۆتەوە؟**

-ئەو جۆرە قسانە هەمووی دوورە لە ڕاستی لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١م، بەڵام جەستەم گەورە دیارە بەهۆی زۆری مەشقەکانم.

*** ئەگەر وازت لە وەرزش هێنا بەنیازی چی؟**

-بەنیازی ئەوەم ببمە ڕاهێنەری گۆڕەپان و مەیدان.



# دریێسی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە مۆندیال

**لە چەند رۆژی داهاتوو بە فەرمی لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا یارییەکانی مۆندیال دەست پێدەکات بە بەشداریکردنی ٣٢ هەڵبژاردە، بۆ ئەم مەبستە بە پێویستمان زانی دریێسی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لەم مۆندیالە بڵاو بکەینەوە.**



## چەند گۆڕانكارییەک لە یاساكانی تۆپی پێ

یەكێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی چەند گۆڕانكارییەكی لە یاساكانی تۆپی پێ ئەنجام دا، كە تیاییدا ئەم گۆڕانكاریانە لە جامی جیهانی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا جێبەجێ دەكرێت.

گرنكترین گۆڕانكاری لە كاتی لێدانی سزا ڕێگە بە یاریزان نادرێت لە كاتی جێبەجێكردنی لێدانەكە لەسەر تۆپ بوەستێت بۆ ئەوەی فێلأ لە گۆڵچی بكات، بۆیە لە بڕیارە تازەكە دەبێت ناوبژیوان كارتێكی زەرد ئاراستەی ئەم یاریزانە بكات و لێدانە سزایەكە دووبارە بكاتەوە، لە گۆڕانكارییەكی تر دا فیفا ڕێگە بە ناوبژیوانی چوارەم دەدا بۆ ئەوەی یارمەتی ناوبژیوانی یارییەكە بدات بۆ بەڕێوەبەردنی یارییەكان.



## نەمرم مۆندیال لەوڵاتەكەم ببینم



## دوای دوورخستنەوەی لە مۆندیال بالاک داوایەكی یاسایی لەسەر بواتینگ تۆمار كرد

مایكل بێكر بەڕێوەبەری كارەكانی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی چێڵسی مایكل بالاك ئەوەی ئاشكرا كرد كە یاریزان مایكل بالاك بە نیازە داوایەكی یاسایی دژی یاریزانی یانەی بۆرتسمۆس بواتینگ تۆمار بكات بەهۆی بەكارهێنانی توندوتیژی دژی بالاك، لە درێژەی قسەكانی بێكر بۆ ڕۆژنامەی ماركای ئیسپانی وتی: بە بۆچوونی خۆم بواتینگ بە ئەنقەست توندوتیژی دژی بالاك بەكارهێنا بۆ ئەوەی لە مۆندیال دووریبخاتەوە.

مایكل بالاك لە لێدوانێكیدا وتی: هەست بە تووڕەبوونێكی زۆر دەكەم، ئەمە جێگەی داخە كە نەتوانم بەشداری لە مۆندیال بكەم.

جێگەی باسە یاریزانی ئەڵمانی بواتینگ چەندین جار لە نێو یاریگا و ڕۆژنامەكانی ئەڵمانیا داوای لێبوردنی لە مایكل بالاك كرد، بەڵام بالاك ئەم داوایەی ڕەتكردەوە.




## یاریزانێكی گۆڵف سزای خۆی دا

دوای ئەوەی لە یەكێك لە پاڵەوانێتیەكانی نێودەوڵەتی بۆ یاری گۆڵف یاریزانێكی ژاپۆنی بڕیاری دا خۆی سزا بدات.

یۆكۆ میستۆكا تەمەن ٢٥ ساڵ لە یەكێك لە پاڵەوانێتیەكانی ئافرەتان لە یاری گۆڵف بە شێوەیەكی دوور لە گیانی وەرزشی نارەزایی لە ناوبژیوانی پاڵەوانێتیەكە گرت و یاریگەی جێهێشت، بۆیە یەكێتی یاریزانە پیشەگەرەكانی نێودەوڵەتی بڕیاری دا ئەم یاریزانە بە بڕی (٢١٥٩٠) دۆلار سزا بدات، بەڵام لە كاردانەوەیەكی سەیر دا ئەم یاریزانە بڕیاری دا سزای خۆی بدات لە ١١ پاڵەوانێتی بەشداری نەكات.

جێگەی باسە هەمان یاریزان بۆ ماوەی ١٠ ساڵ راگیرا دوای ئەوەی لە یەكێك لە پاڵەوانێتیەكانی ساڵانی رابردوو

